# پاڕانەوە بۆ پێشمەرگە

با یەزدان لە ڕۆژی تەنگانەدا بە دەنگتانەوە بێت.
با یەزدان لە ئاسمانەوە یارمەتیتان بۆ بنێرێت.
با خودا هەموو پاڕانەوەکانتان پەسەند بکات.
با یەزدان ئارەزووی دڵتان بهێنێتە دی
با یەزدان هەموو مەبەستەکانتان بە ئەنجام بگەیەنێت.
با یەزدان هەموو داواکارییەکانتان بەجێ بهێنێت.

خودا لە ئاسمانی پیرۆزی خۆشەویستی خۆی
ڕزگار دەکات.
ئەی یەزدان، پێشمەرگە لە دوژمنەکانیان
ڕزگاریان بکە!

هەندێک شانازی بە دەبابە دەکەن و
هەندێک بە فڕۆکەی جەنگ،
بەڵام ئێمە شانازی بە ناوی یەزدانی خودامان دەکەین.

ئەی یەزدان، کە لێت دەپاڕێنەوە، بە دەنگیانەوە وەرە--
پێشمەرگە بپارێزە!

بە ناوی عیسای مەسیح پەروەردگارمان، ئامین.